# عەوادی: سەرۆك وەزیران پشوازی لە گەڕانەوەی 11 هەزار پارچە زەوی بە ئێزیدیەكان دەكات لە شەنگال



باسم عەوادی وتەبێژی حكومەتی عێراق رایگەیاند، سەرجەم ئەو زەوی و موڵك و ماڵانەی لەسەردەمی رژێمی دیكتاتۆری لەناوچدا لە ئێزیدیەكان نیو سەدە لەمەوبەر زەوتكرابون، بڕیان دەگەڕێندرێتەوە و محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانیش پشوازی لە گەڕانەوەی 11 هەزار پارچە زەوی بە ئێزیدیەكان دەكات لە شەنگال.

باسم عەوادی لە لێدوانێكی رۆژنامەوانیدا باویكردەوە، "حكومەت جەخت دەكاتەوە لەسەر بەدواداچونی ڕاستەوخۆی محەمەد شیاع سودانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ جێبەجێكردنی دادپەروەری بەرامبەر بە پێكهاتەكانی عێراق بەپێی ئەوەی لە بەرنامەی حكومەتدا هاتوە، لەپێناو لابردنی ئەو نادادپەروەرییەی كە ڕۆگری لە بەدەستهێنانی مافە هەواكانیان كردوە و سینەوەی كاریگەرییەكانی سیاسەتی پەراوێزخستن كە ژێمی دیكتاتۆری لەناوچو پەیڕەوی دەكرد، ئەمەش لە چوارچێوەی پڕۆژەی خاوەندارێتیكردنی ئەو زەویانەی كە تایبەتن بە ئێزدییەكان دێت، حكومەت بە یەكەمجارە لە مێژوی دەوڵەتی عێراقدا جێبەجێی دەكات، لە باوەشی بە پێویستی دەستەبەركردنی دادپەروەری بە ئەم چینە".

راشیگەیاندوە، "پاش ئەوەی سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە شەنگال پرسەی هادەستکردنی بەڵگەنامەی موڵکدارێتی بە هەڵەکانمان لە پێکهاتەی ئێزدی دەستیپێکرد، کە زیاتر لە نیو سەدە لەمەوبەر لە خاوەندارێتی ماڵەکانیان بەبەش کران، سودانی سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆنیشتەجێبونی مرۆیی (هابیتات) سەرجەم وەزارەت و لایەنەکان و فەرمانگە و دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکانی دەربڕی و جەختی لە بەردەوامی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە کردوە تا تەواوکردنی هەمو بەڵگەنامەکانی خاوەندارێتی لە هەمو کەمەڵەکانی ئێزیدییەکان کە ژمارەیان دەگاتە هەر 11 کەمەڵەی نیشتەجێبون".

باسم عەوادی ئاشکراشیکردوە، "دەرکردنی هەزاران نوسراو و بەڵگەنامەی خاوەندارێتی بۆ ئێزدییەکان لە شەنگال بەشێکە لە بیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ خێراکردنی پرسەی خاوەندارێتی کردنی خانوەکان لە باکور و باشوری چیای شەنگال، ئەمەش دوای ئەوەی ئێمە پێشو لە ساڵی 1975 تاوانی ڕوخاندنی زیاتر لە 146 گوندی ئێزدی و تێکدانی باخەکانی ڕۆلەکانی گەلی ئێزدی ئەنجاندا، جگە لە وێرانکردنی سەدان بیر و کانیاو".